# وانەی ٧١: دوو نموونەی گرنگ

لۆقا ٨ ، مەتا ١٣

لە وانەی ڕابردووماندا، بۆمان دەرکەوت کە عیسای مەسیح خاوەن دەسەڵات بوو کەوا بەسەر دەسەڵاتی پێغەمبەرێکی ئاسایی دەکەوت. عیسا پڕ بوو لە هێزی خودا. ئەو خودی هێزی خودا بوو لە جەستەی مرۆڤێکدا! لەبەر ئەوە بوو دەیتوانیٛ زریان هێور بکاتەوە و ڕۆحی خراپ دەربکات و نەخۆش و کوێر چاك بکاتەوە، و تەنانەت مردوو زیندوو بکاتەوە!

ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لە پەرتوکی ئینجیل و دەخوێنین چۆن پەروەردگار عیسا خەڵکانی فێر دەکرد بە بەکارهێنانی نموونەی چیرۆك. عیسا زۆر نموونەی بەکار دەهێنا بۆ نیشان دانی ڕاستی لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو خەڵکەی بەدوای دەڕۆیشتن نەیاندەویست ووشەی خودا بزانن. ئەوەی ئەوان دەیانویست چاککردنەوەی جەستە نەخۆشەکانیان بوو، بەڵام نەیاندەویست گیانیان لە گوناه چاك بکاتەوە. هەروەها دوا بەدوای عیسا وەك کۆمەڵە کەمتیارێك، ڕابەرە ئایینیەکان بوون کەوا گوێیان لیٛ ڕادەگرت تەنها بۆ دۆزینەوەی هەڵێك تاکو تۆمەتباری بکەن. کاتیٛ ئەوان لە دەوراو پشت بوونایە، عیسا بە نموونە قسەی دەکرد. چاوەڕێی دەکرد تاکو بەتەنیا دەمایەوە لەگەڵ شوێن کەوتووە ڕاستەقینەکانی بۆ ئەوەی مانای نموونەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە.

خودا دەیەویٛ هەموو کەس ڕاستی بزانێت و ڕزگاری بێت، بەڵام ئەگەر دڵەکانمان ڕەق بن، ئەوا خودا ڕاستی خۆیمان بۆ ئاشکرا ناکات. خودا دەیەویٛ ئێمە بەدوای ڕاستیدا بگەڕێین، وەك چۆن زۆربەی خەڵك بەدوای ماڵی دونیا دەکەون! ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا دڵ خۆشی بە ڕاستی خودا زیاتر لە پارە یاخود هەر جۆرە سامانێك؟ ئایا ووشەی ڕاستی خودا گرنگترین جێگای لە بیر و دڵتا گرتۆتەوە؟ ڕەنگە باری ڕاستەقینەی دڵی خۆت نەزانی بەرامبەر خودا. باش سەرنج بدە لە نموونەی پەروەردگار عیسا دەربارەی تۆودەرەکە.

لەبەشی هەشتەمی ئینجیلی لۆقا دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆزە دەفەرمویٛ: (لۆقا ٨) ٤ کاتیٛ حەشاماتێک لە هەموو شارێکەوە بۆ لای عیسا هاتن و کۆبوونەوە، بە نموونە قسەی بۆ کردن: ٥ (تۆودەر چوو تۆو بکات، کە تۆوی دەکرد، هەندێکی کەوتە سەر ڕێگا و پێشێل بوون، باڵندەی ئاسمان هەڵیانلووشی. ٦ هەندێکیش کەوتە سەر بەرد، سەریان دەرکرد و وشک بوون، چونکە شێی نەبوو. ٧ هەندێکیش کەوتنە ناو دڕکەوە، دڕک لەگەڵیان گەشەیان کرد و خنکاندیانن. ٨ هەندێکیش کەوتنە زەوییەکی باش، ڕوا و سەد ئەوەندە بەرهەمی دا.) ئەمانەی فەرموو و هاواری کرد: (ئەوەی گوێی بیستنی هەیە، با ببیستێت!)

٩ قوتابییەکانی بۆ مەبەستی ئەم نموونەیە لێیان پرسی، ١٠ ئەویش فەرمووی... ١١ ئەمە نموونەکەیە: تۆوەکە وشەی خودایە. ١٢ ئەوانەی سەر ڕێگاکە ئەوانەن کە گوێیان لیٛبوو، ئینجا ئیبلیس دێت و وشەکە لە دڵیان دەبات، نەوەک باوەڕ بهێنن و ڕزگاریان بێت. ١٣ ئەوانەش کە کەوتنە سەر بەردەکە، ئەوانەن کە وشەکە بە خۆشییەوە وەردەگرن کاتیٛ دەیبیستن، بەڵام ڕەگیان نییە و تاکو ماوەیەک باوەڕ دەهێنن، بەڵام لە کاتی تاقیکردنەوە دەکەون. ١٤ ئەوانەی کەوتنە ناو دڕکان، ئەوانەن کە دەیبیستن، بە خەفەتی سەردەم و سامان و خۆشییەکانی ژیان دەخنکێن، بەرهەمی پێگەیشتوو نادەن. ١٥ بەڵام ئەوەی لە زەوییە چاکەکەیە، ئەوانەن کە بە دڵێکی چاک و باشەوە دەبیستن، وشەکە ڕادەگرن و بە خۆڕاگرییەوە بەرهەم دەدەن.

لەمانای نموونەی تۆودەرەکە تێگەیشتی؟ لەم نموونەیەدا، تۆو و خاك دەبینین. تۆویەکە نیشان دەری چییە؟ پەروەردگار عیسا چی فەرمووی؟ فەرمووی: تۆوەکە نیشاندەری ووشەی ڕاستەقینەی خودایە. ئەی خاکەکە؟ ئەویان نیشاندەری چییە؟ خاکەکە نیشاندەری دڵی مرۆڤە.

بەڵێ، ووشەی خودا وەك تۆوەکی چاکە، لەبەر ئەوەی زیندووە و هێزی هەیە ژیانی تاهەتایی و بەرەکەت بێنێتە ناو دڵت لە ژیانت. بەڵام دڵی مرۆڤ وەك خاکەکەیە کە دەکرێ زۆر ڕەق و ووشك بێت. با کەمێك بیربکەینەوە لەم شتە. چەن جۆرە خاك دەبینین لەم نموونەیە؟ بینیمان چۆن تۆوەکە کەوتە سەر چوار جۆر خاك.

تۆو هەبوو کە کەوتە سەر ڕێگایەکی ڕەق.

هەندێکی تر هەبوو کە کەوتە جێگایەك بەردی زۆر بوو.

هەندێکی تر هەبوو کە کەوتە نێو دڕکێکی زۆرەوە.

هەندێکی تریش کەوتە خاکێکی باشەوە.

یەکەم، عیسا فێریانی کرد زۆر کەس هەن لە جیهان کە دڵیان وەك ڕێگایەکی ڕەقە خەڵك بەسەریا دەڕوات. دڵی هەندێك کەس وەك کۆنکریت ڕەقە. ئەگەر تۆویەك بکەوێتە سەر ڕێگایەکی ڕەق چی ڕوو دەدات؟ ئایا گەشە دەکات و مێوە دەگرێت؟ هەرگیز! تەنانەت ناتوانێ ڕەگ بگرێ. خەڵکی بەسەریدا دەڕۆن و باڵندە دەیخوات. دڵی زۆر کەس ئاوایە. ئەو خەڵکەی دڵیان وەك خاکێکی ڕەقە ئەوانەن هیچ گرنگی نادەن بە نووسینەکانی پێغەمبەران و لە دەرئەنجامدا، باوەڕ ناهێنن کە عیسا ڕزگاری دەری جیهانە. تەنها گرنگی دەدەن بە بیرۆکەکانی خۆیان و داب و نەریتی باوباپیرانی خۆیان. ووشەی ڕاستەقینەی خودا ناتوانێ ژیان بەرهەم بێنێ لە دڵیان، وەك چۆن تۆویەك بکەوێتە سەر ڕێگایەکی ڕەق ناتوانێ ژیان بەرهەم بێنێ.

جۆری دووەمی خاك کە عیسا باسی لێوە کرد زۆری بەرد بوو و خۆڵی کەمتر بوو. ئەو خاکەی کە زۆر بەردی تێدایە نیشاندەری دڵی ئەو کەسانەن کە گوێ لە ووشەی خودا ڕادەگرن و یەکسەر وەری دەگرن بە خۆشییەوە، بەڵام زۆر نامێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا ڕەگی دانەناوە لە دڵی ئەو کەسانە. ئەم جۆرە کەسانە دەڵێن کە باوەڕیان هەیە، بەڵام کاتی تەنگانە یاخود کە دەچەوسێنەوە لەبەر ووشەی ڕاستی، ئەو کاتە پشتی لە ڕاستی دەکەن. زۆر کەس وان. ووشەی خودا ڕەگی قووڵی نیە لەناو دڵیان، لەبەر ئەوەی پێیان باشترە ستایشی مرۆڤ بکەن نەك خودا. لە دەرئەنجامدا، ووشەی خودا بێ بەهایە لای ئەوان، هەر وەك چۆن تۆوەکەی کەوتە شوێنی بەردینەکە بێ بەهایە.

سێیەم جۆری خاك پڕ بوو لە دڕك. چی ڕوو دەدات کاتێ تۆو دەکەوێتە نێو دڕکەوە؟ ئایا شین دەبێ؟ نەخێر، شین نابێ! دڕکەکان دەیخنکێنن پێش ئەوەی سەوز بێت. ئەم خاکە دڕکاوییە نیشاندەری دڵی ئەو کەسانە کە گوێ لە ووشەی خودا ڕادەگرن بەڵام ماڵی دونیا و سەروەت و سامان و تەماح بەسەریان زاڵ دەبێت، و ووشکەش دەخنکێنن تا بەرهەمدار نابێت. زۆر نەوەی ئادەم دڵیان وەك خاکی دڕکاوییە. پێیان وایە کە: (بەڵێ، ڕۆژێك دەست دەکەم بەسەرنجدانی نووسینەکانی پێغەمبەران. کە کاتم هەبێ گوێ لە ووشەی خودا دەگرم إنشاءالله.) بەڵام شەیتان باش دەزانێ کە ئەم جۆرە کەسانە هەرگیز کات تەرخان ناکەن بۆ ئەوەی لە ووشەی خودا تێبگەن. کێشە و پێداویستییەکانی ڕۆژانە دڵ وبیریان داگیر دەکات. دەبێت کار بکەن، پارە پەیدا بکەن، بچنە بازار، بکڕن، بفرۆشن، بخوێنن، بخەون و تادوایی. ئەمە ژیانتە؟ ئایا ژیانت ئاوا پڕە لە پێویستی و ئیش کە هێشتا کاتت وەرنەگرتووە بۆ ئەوەی بەدوای ڕاستی خودا بگەڕێی پڕ بە دڵت؟ ئەوەت لە بیر بێت کە ڕۆژێك مردن لە ناکاوە دێت و دەتبات تاهەتا. لەو ڕۆژە دەزانی ڕاستی چی بوو و درۆ چی بوو، بەڵام ئەو کاتە ڕاستی زانین کە تۆ نەلێی گەڕای و نە بە گوێت کرد لە کاتی ژیانت بەهای دەبێت بۆت، لەبەر ئەوەی کاتی تۆبە کردن بەسەر دەچێ و تاهەتا بزر دەبی!

چوارەم جۆر خاکێکی باش بوو. ئەو تۆویەی جوتیارەکە تۆوی کرد لە خاکێکی باش و بە بەرهەم ڕەگی دەرکرد و گەورە بوو و بەرهەمێکی چاکی بەرهەم هێنا و جوتیارەکە سەد قاتی دووریەوە لەوەی تۆوی کرد. ئەو خاکە باشە نیشاندەری ئەو کەسانەن کە

گوێ لە ووشەی خودا ڕادەگرن و لە دڵێکی پاك دەیپارێزن، و بەو شێوەیە ڕاستودرووستی و ژیانی تاهەتایی بەرهەم دێنن. ووشەی خودا زیندو و بە هێزە و ژیانی تاهەتایی و ڕاستودرووست بەرهەم دێنێ لە هەموو ئەو کەسانەی وەری دەگرن بە دڵێکی پاك و دڵنەرمییەوە.

ئەمە بە کورتی ئەوەی عیسا لە نموونەی تۆوەدەرەکە فێری کرد. ووشەی خودا وەك تۆوێکی باشە، و دڵەکانمان وەك خاکێکی ڕەقە. پێش ئەوەی تۆو بکرێ لە خاکێکی ڕەق دەبێت چی بکرێ؟ دەبێت گاسنی لێ دەن، وەك زۆربەی جوتیاران دەزانن. بە هەمان شێوە، ئەو دڵەی خودا ڕازی دەکات دڵێکی شکاو و پەشیمان لە گوناه و ئامادەیە تۆوی چاکی ووشەی خودا وەربگرێ. ئەو دڵەی خودا ڕازی دەکات دڵێکی ووشەی خودا وەردەگرێ بە دڵنەرمییەوە و بە باوەڕەوە. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: با هەر مرۆڤێک لە گوێگرتن خێرا بێت، لە قسەکردن لەسەرەخۆ بێت... هەموو گڵاوی و گەشەکردنێکی بەدکاری دابکەنن، ئەو وشەیەی کە لە ئێوەدا چاندراوە بە دڵنەرمییەوە وەری بگرن، ئەوەی دەتوانێت گیانتان ڕزگار بکات. (یاقوب ١: ١٩، ٢١)

باری دڵی تۆ چۆنە؟ ئایا دڵێکی دڵنەرمییەوەت هەیە و ئامادەیە ئەوەی خودا دەیفەرموێ لە نووسراوە پیرۆزەکان لە ڕێگای پێغەمبەرانیەوە وەری بگرێ؟ ئایا ووشەی خودا لە ناو دڵتا گەشە دەکات؟ یاخود تۆش دڵێکی وەك خاکێکی ڕەق و بەرداوی و دڕکاویت هەیە؟ ووشەی خودا تۆوی چاکە، بەڵام تەنها ژیان و بەرەکەت لە دڵی ئەوانەی بە ڕاستی باوەڕی پێ دەکەن و بە گوێی دەکەن بەرهەم دێنێ.

ئێستاش با خوێنینەوە لە (نموونەی جوتیارێکی) کەوا عیسا باسی لێوە کرد بۆ خەڵکی. ئەویش نموونەی زیوانە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٣) [٢٤] نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە: (شانشینی ئاسمان لە مرۆڤێک دەچێت، تۆوی چاک لە کێڵگەکەی بچێنێت. [٢٥] بەڵام کاتێ خەڵک نووستبوون، دوژمنەکەی هات و لەناو گەنمەکەدا زیوانی چاند و ڕۆیشت. [٢٦] کاتێ گەنمەکە ڕوا و گوڵی دەرکرد، زیوانەکەش دەرکەوت. [٢٧] کۆیلەی خاوەن ماڵ هاتن و پێیان وت: (گەورەم، ئایا لە کێڵگەکەتدا تۆوی چاکت تۆو نەکرد؟ ئیتر ئەم زیوانە لەکوێوە هات؟)

[٢٨] ئەویش پێیووتن: (دوژمن ئەمەی کردووە.) کۆیلەکانیش پێیان وت: (دەتەوێ بچین بژاری بکەین؟)

[٢٩] وتی: (نەخێر، نەوەک لەگەڵ بژارکردنی زیوان، گەنمیش هەڵبکێشن. [٣٠] تاکو کاتی دروێنە لێگەڕێن با بەیەکەوە پێبگەن، جا لە کاتی دروێنەدا بە سەپانەکان دەڵێم، یەکەم جار زیوانەکە بژار بکەن و بیانکەنە مەلو تاکو بسووتێندرێن، بەڵام گەنمەکە لە ئەمبارەکەم کۆبکەنەوە.)

[٣٦] ئینجا خەڵکەکەی بەڕێکرد و گەڕایەوە بۆ ماڵ. قوتابییەکانی هاتنە لای و وتیان: (نموونەی زیوانی ناو کێڵگەکەمان بۆ لێکبدەوە.) [٣٧] وەڵامی دایەوە: (تۆودەری تۆوە چاکەکە، کوڕی مرۆڤە **(ئەوەتا مەسیح خۆی)**. [٣٨] کێڵگەکەش جیهانە، تۆوە چاکەکەش ڕۆڵەکانی شانشینن، زیوانەکەش ڕۆڵەکانی خراپەکارەکەن، [٣٩] دوژمنەکەش کە تۆوی کردن ئیبلیسە، دروێنەکەش کۆتایی ڕۆژگار، سەپانەکانیش فریشتەکانن. [٤٠] وەک زیوانەکە بژارکرا و بە ئاگر دەسووتێندرێ، لە کۆتایی ڕۆژگاریشدا وا دەبێت. [٤١] کوڕی مرۆڤ فریشتەکانی دەنێرێت، هەموو کۆسپ و سەرپێچیکاران لە شانشینییەکەی کۆدەکەنەوە و [٤٢] فڕێیاندەدەنە ناو کوورەی ئاگرەوە، جا لەوێ دەبێتە گریان و جیڕەی ددان. [٤٣] ئەوسا ڕاستودروستان لە شانشینی باوکیاندا وەک ڕۆژ دەدرەوشێنەوە. ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت!) ئامین

لە نموونەی زیوانەکە، پەروەردگار عیسا جیهانی بەراورد کرد بە کیڵگەیەك گەنم. تۆوەدەرەکە نیشاندەری عیسای مەسیحە. گەنمەکەش کە ڕوا لە کێڵگەکە نیشاندەری ئەوانەن کە کوڕی خودان لەبەر باوەڕیان بە مزگێنی خۆشی مەسیح. دوژمنەکەش کە زیوانی چاند لەنێوان گەنمەکە شەیتانە. زیوانەکەش ئەوانەن کە سەر بە خودا نین لەبەر ئەوەی مزگێنی خۆشی مەسیحیان قەبوڵ نەکرد.

دروێنەش ڕۆژی قیامەتە. ئەم گەنمەی عەمبار کرا نیشانده‌ری ئەوانەیە کە مافیان هەیە لە حزووری خودا بژین تاهەتا. بەڵام، زیوانەکەی وا خڕ دەکرێتەوە و دەسوتێنرێ نیشانده‌ری ئەوانەن کە فرێ دەدرێنە ئاگری تاهەتایی.

ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆ وەك گەنمەکەی؟ یاخود وەك زیوانەکەی؟ لە دڵی خۆت بگەڕێ! ڕۆژی دوای وا دێ و دادوەر وا لای دەرگایە ! ئایا متمانەت بە خۆتە بەرامبەر دادوەر لە ڕۆژی دوای ڕاوەستی؟ پێویستت بە ترس نابێ لەو ڕۆژە ئەگەر لە دڵتەوە باوەڕ بێنی بە مزگێنی خۆشی ئەو کەسەی هاتووە بۆ ڕزگار کردنت لە ئاگری تاهەتایی. بزانە عیسای مەسیح چی ڕاگەیاندووە سەبارەت بە ڕۆژی دوای. فەرموی، ( ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی تاهەتایی دەبێت و نایەتە حوکمدان، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.) (یۆحەنا ٥: ٢٤) ئامین!

بۆ وانەی داهاتوو بەردەوام دەبین لە ئینجیل و دەبینین چۆن عیسا بە شێوەیەکی ئیعجازی زیاتر لە پێنج هەزار کەسی نان دا بە تەنها پێنج نان و دوو ماسی!

دەبا خوداش توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەوەی بخوێنیت بتداتێ کاتێ ووشەکانی پەروەردگار عیسات دێتەوە یاد: (ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت!) (مەتا ١٣: ٤٣)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا دڵ خۆشی بە ڕاستی خودا زیاتر لە پارە یاخود هەر جۆرە سامانێك؟
٢. ئایا ووشەی ڕاستی خودا گرنگترین جێگای لە بیر و دڵتا گرتۆتەوە؟
٣. لەمانای نموونەی تۆودەرەکە تێگەیشتی؟
٤. تۆویەکە نیشان دەری چییە؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو؟
٥. ئەی خاکەکە؟ ئەویان نیشاندەری چییە؟
٦. چەن جۆرە خاك دەبینین لەم نموونەیە؟
٧. ئەگەر تۆویەك بکەوێتە سەر ڕێگایەکی ڕەق چی ڕوو دەدات؟ ئایا گەشە دەکات و مێوە دەگرێت؟
٨. چی ڕوو دەدات کاتێ تۆو دەکەوێتە نێو درکەوە؟ ئایا شین دەبێ؟
٩. ئەمە ژیانتە؟ ئایا ژیانت ئاوا پڕە لە پێویستی و ئیش کە هێشتا کاتت وەرنەگرتووە بۆ ئەوەی بەدوای ڕاستی خودا بگەڕێی پڕ بە دڵت؟
١٠. پێش ئەوەی تۆو بکرێ لە خاکێکی ڕەق دەبێت چی بکرێ؟
١١. باری دڵی تۆ چۆنە؟ ئایا دڵێکی دڵنەرمییەوەت هەیە و ئامادەیە ئەوەی خودا دەیفەرموێ لە نووسراوە پیرۆزەکان لە ڕێگای پێغەمبەرانیەوە وەری بگرێ؟
١٢. ئایا ووشەی خودا لە ناو دڵتا گەشە دەکات؟ یاخود تۆش دڵێکی وەك خاکێکی ڕەق و بەرداوی و دڕکاویت هەیە؟
١٣. ئایا تۆ وەك گەنمەکەی؟ یاخود وەك زیوانەکەی؟ لە دڵی خۆت بگەڕێ!
**١٤.** ئایا متمانەت بە خۆتە بەرامبەر دادوەر لە ڕۆژی دوای ڕاوەستی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org